# پڕۆفایلی جلال تاڵەبانی

## هەواوهەوەسی فیرعەونێکی کوردی لەسەر سنگی عێراقی کارەسات!

*(موداخەلەیەك لە پڕۆفایلی (کاك گەورە- جلال تاڵەبانی)ی جۆن لی ئەندرسۆن)*

**حەمەغەفور**
hamaxafoer@yahoo.com

ئەم پڕۆفایلەی جۆن لی ئەندرسۆن بەناوی "کاك گەورە" سەبارەت بە جلال تاڵەبانی، یادگاری هەواڵێکی سەرنجڕاکێشی بیرهێنامەوە پەیوەست بە شێوەی ژیانی ڕۆژانەی سەرمایەدارانی ژاپۆنی کە سەرەتای هەشتاکان خوێندبوومەوە. گۆڤارێکی عەرەبی نووسیبووی، حەجمی سەروەت و سامانی دەوڵەمەندانی ژاپۆنی هێندە پانوپۆڕو لەبنەهاتووە سەوداسەری ئەوەن چۆنچۆنی کەیف و سەفای پێوەبکەن! دەڵێ، ئەوسا لەناو چینە داراکانی ژاپۆندا ببوە باو کە لەکاتی ئاهەنگ و خۆشییەکانیاندا تۆزی ئاڵتونیان دەکرد بەسەر سفرەو خوان و خواردنەکانیاندا بۆ ئەوەی فەخرو عەزەمەتێکی سەرووخەڵکی و "ئیلاهی" بدەن بە عەیش و نۆشەکانیان! ئەوکاتە من تازەلاوێك بووم و ئەم هەواڵە وەکو فانتاسیای ئەفسوناوی ناو حیکایەتەکانی دایکم ئەهاتەپێشچاوم.

ئەمەی ئەندرسۆن لەم کورتە لەمحەیەیدا سەبارەت بە تاڵەبانی باسیدەکات، شتێکی تازەو سەرسوڕهێنەی تێدانییە. ئەوەی من بە سەیری دەزانم و پێموایە بۆ ئەندرسۆن و خوێنەرانیش هەر ئەوە سەرنجڕاکێشبێ، ئەوەیە کە چینی سەرمایەداری ژاپۆنی هیچنەبێ توانیویانە کۆمەڵ و دەسەڵاتێکی سەردەم و ئاسایی وا پێکبێنن، کە چینە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیاریکراودا لە بەرامبەریەکدا ڕاوەستن. بەڵام دەسەڵات و دەورودوکانی تاڵەبانی و هاوپەیمانانی نەك بەسەر ئیزدیهاری ئابووریەوە، نەك بەپاڵپشتی سەروەری یاساو ماڤ مرۆڤەوە ئەم پرۆفایلانەیان لێهەڵدەگیرێ، بەڵکو بەسەر برینە قووڵەکانی عێراقی کارەسات و جەنگ و کاولکاری و بێدەرەتانی بەپانتایی ئەم وڵاتەوەیە ئەم لەمحەیەیان لێوە نیشانی مرۆڤایەتی دەدرێ! ئەم وێنایە لە تاڵەبانی بەڕای من مەشهەدێکە لە بێتوانایی و بێدەربەستی و بەرەڵڵایی سیاسی کە هەقوایە هەتاهەتایە لە ویژدانی خەڵکی شەریف و ئازادیخوازی عیراق و کوردستاندا هەڵگیرێت وەکو ڕەمزێك بۆ بەگژاچوونەوەی فەسادوگەندەڵی.

لەیادماننەچێ ئەو دەمانە، سەرەتای هەشتاکان، مۆد مۆدی چەپبوون و کۆمۆنیستبوون بوو. بە تایبەت لە وڵاتانی ناسراو بە جیهانی سێهەم. هەر کەس هەڵدەساو خۆی بە مارکسیست و قوتابییەکی زیرەك و بەوەفای مارکس و لینین و "ماوتسیتۆنگ دادەنا. ئەوسا تاڵەبانیش ماوی بوو. کتێبێکی قەبارە بچووك بەناوی "چەپکێك لە ووتەکانی ماوتسیتۆنگ"، پێموابێ خودی تاڵەبانی تەرجومەی کردبێ بۆ کوردی، بەناو توێژی گەنجان و خوێندەوارانی ناڕازی کوردستاندا دەساودەسدەکرا! دواتر کە ئەزمە ئابووریەکانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی ناسراو بە بلۆکی سۆڤێت لە بەرامبەر ئابووری بازاڕی ئازاددا تووشی بنبەستبوو، ساڵی 989 بە "پرۆسترۆیکا"ی گۆرباشۆف هەرەسیهێناو لەگەڵ هەڵتەکاندنی دیواری بەرلیندا پشێوی و کێشە خوێناویەکانی وڵاتانی بالکان سەریانهەڵدا، لەگەڵ سەنیالی "شنەبای دیموکراسی"دا لەلایەن ئەمریکاوە، ئەستووربوونی مەیلی قەومپەرستی، جیهانی بەرەوڕووی دەورەیەك لە ململانێ و پێکدادانی نەتەوەکان و ڕووداوە جەرگبڕەکانی یۆگۆسلاڤیای جاران کردەوە، جلال تاڵەبانیش تەسبیحی درێژی کوردایەتی گرتەدەستەوەو پێکەوە لەگەڵ نەوشیروان مستەفای هاوڕێی سەردەمی کۆمەڵەی مارکسیست-لینینیستیدا لە پشتی خەتیبی گەورەی قادسیەی سەددام لە مزگەوتی گەورەی سلێمانیدا نوێژی

خۆبێبەریکردنی لە چەپ و مارکسیزمی خوێندو لە تەلەفزیۆنەوە نیشاندرا. تاڵەبانی بەوە ناسراوە کە "گەورە" دیپلۆماتێکی هێند زیرەك و زمانزانە، کە وەك ئەو وەسفەی عدنان مفتی بۆی کردووەو دەڵێ، "تاڵەبانی لە یەك کاتدا دەتوانێ دوو سیاسەت پیادەبکات. ئەو دەتوانێ لە یەك کاتدا جەنگیش بگێرێ و ئاشتیش بەرقەراربکات!!" بەچەندین شێوە دەتوانێ هەڵوێستە سیاسیەکانی خۆی بگۆڕێ. سیاسەت لای تاڵەبانی هونەری دەستێکەڵاوکردنە! هەموو شتێك قابیلی گۆڕانە لای ئەو، یەك شت نەبێت، ئەویش ئەوەیە کە "هیچ کاتێك بڕوای بە سەربەخۆیی کوردستان نەبووەو بیریشی لێنەکردۆتەوە".

بۆ یەکەمین جار ووشەی "فیرعەونەکانی کوردستان" یاخود "فیرعەونستان" لەلایەن کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە وەکو پێناسەیەکی پڕبەپێست بۆ سەرۆك و لێپرسراوانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستان، یەکێتی و پارتی و کوردستانی ژێرسایەی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردی لەئاستی ڕاگەیاندندا بەکارهات. ئێستا ئیتر تەنانەت خۆشیان نکوڵی لەم پیناسەیەی خۆیان ناکەن. دزی و فزی و گەندەڵی بەڕادەیەك تێکەڵاوبووە لەگەڵ پێکهاتەی سیاسی و ئیداری و دەسەڵاتداری ئەم دوو حیزبەدا، ژیانی ئاسایی کۆمەڵی کوردستانی دەرگیری ئیفلیجییەکی سەرتاپاگیر و کوشندە کردووە. لەسەرێکەوە قەسرو ڤێللاو شارۆچکەی خەیاڵی چووە بە حەوادا، لەوبەریشەوە نەبوونی ئاو و کارەباو سەرەتاییترین خزمەتگوزاری سیمایەکی واقعی سەختی ژیانی جەماوەری فراوانی خەڵکی کوردستانە. لەلایەك بە تەخشان و پەخشانی پارەوپوول بەسەر پاسەوانانی دەورودوکانیاندا زومرەیەکی بەرینی ئینسانی مشەخۆرو مفتەخۆرو نەزان و دواکەوتوویان بەرهەمهێناوە بۆ دیفاع لەم فیرعەوننشینی کوردییە، لەلایەکی دیکەشەوە بەهەمان شێوەی بەعسییەکان هەڵدەکوتنەسەر ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی خەڵکی کوردستان لەدژی گەندەڵی و بە تەقەو کوشتن وەڵامی داخوازیەکانیان دەدەنەوە. خەڵکی کوردستان بۆیان دەرکەوتووە کە شۆڕبوونەوەی دەسەڵاتی فرعەونیی ئەم ناسیونالیستانە بەسەر شان و مل و ژیان و موقەدەراتیاندا باجێکە لەپای خۆشباوەڕییان بە بزووتنەوەی کوردایەتی دەیدەنەوە. بۆیە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان، بەتایبەت گەنجان و ڕۆشنبیران و خەڵکی ئازادیخواز کەوتوونەتە سەر ڕێچکەی بیری چۆنێتی کۆتاییهێنان بەم دەورودوکانە.

تاڵەبانی و بزووتنەوەی کوردایەتی لە 16ساڵی ڕابردوودا لە کوردستان بە کردەوە هەموو ئیمتیحانێکیان داوەو دەرنەچوون. کارێك کە بۆ خەڵکیان ئەنجامداوە بریتیە لە دەسەڵاتدارییەکی پڕلە فەسادو سەرتاپێ گەندەڵ، کە هیچ جۆرە یاساو ڕێسایەکی ئینسانی و هاوچەرخ و مودافعی خەڵکی توانای سەردەرهێنانی نییە تیایدا. هەر سیماو دەنگێکی ناڕازی و جیاواز ڤایرۆسی فەسادو گەندەڵی ئەیکاتبەژێرەوە. ئەم ڤایرۆسە تاڕادەیەکی زۆر ڕۆحی یەکگرتن و هاوسۆزیشی لەناو جەماوەردا لاوازکردووە. مەگەر ئەوەی کە خەڵك و جەماوەری کوردستان بەر لە هەر شتێك ڕیزی خۆیان لەم گەندەڵکارانە جیاکەنەوەو لەدەوری بەدیلی ڕادیکاڵ و پێشڕەو خۆیانڕێکخەن.

ئەمەی ئێستا لە پرۆفایلێکی کورتی سەرپێییدا ئەندرسۆن ئەم ڕادەیە لە فەسادو گەندەڵی لە ڕەوشتی سیاسی زاتی تاڵەبانیدا بەدیدەکات، هیچ نییە جگە لە نیشاندانی حەقیقەتێك کە هەر لەسەرەتاوە کۆمۆنیزمی کرێکاری پێشبینیکردبوو. ڕاستی گلۆربوونەوەی کۆمەڵگای مەدەنی عێراق بۆ ناو گەرووی کارەساتی یەکلەدوای یەك و لێکترازانی شیرازەی ڕیشەیی کۆمەڵگا بە شوێن جەنگی داگیرکاری ئەمریکادا لە عێراق کە بە جەنگی دژەتیرۆر ناوزەدیانکرد! تاڵەبانی و بزووتنەوەکەی ئەگەر کارێکیان لەدەست بهاتایە بۆ کوردستان ئەنجامیاندەدا، جگە لەوەی باسکرا. ئەوەی ئێستا لە عێراق دەیبینین لە پاشاگەردانی و جەنگی ناوخۆو پاکسازی قەومی و تائیفی، نەخشەی کایەیەکە کە دەرفەتی بۆ تاڵەبانی و سەرانی قەومی و ئیسلامی و تائیفی کردۆتەوە، کە تا چارەسەرێکی بنەڕەتی و عادلانە بۆ وەزعی نائینسانی کۆمەڵگای عێراق نەبێتە ئەمری واقع و سەنتێزی یەکگرتوویی خەڵکی عێراق، ئێمە شاهیدی پرۆفایلی شەرمەزارئامیزی زۆرتری لەمچەشنە دەبین. تاڵەبانی یاریکەرێکی نەشازی یاریگایەکی بێ یاساوڕێسایە.

2007−2−17